# نامەیەک

ئا: سەرنووسەر

*** نامەیـەک لـە د. حەمیـد عەزیـزەوە بـۆ ئـازاد عەبدولواحید**

١٩٨١/١/٢٤

مۆنیستەر

هاوڕێی خۆشەویستم کاکە ئازاد گیان (١)

هیـوادارم کـە لـە شسـاغی و تەمەنـی درێـژ، دۆسـت و هاونشـینی هەمیشـەییت بن. کامەرانی و بەختەوەریـی ڕاسـتەقینە، باوەشـی پـڕ لـە ئارامـت بـۆ بکەنـەوە.

کاکـە.. دەبوایـە زووتـر نامـەت بـۆ بنووسـم و باسوخواسـی خـۆم و خوێنـدن و شـارە نوێیەکەمـت بـۆ بنێـرم، بـەڵام غەریبایەتـی و کۆرسـی زمـان و ئیشـوکاری ڕۆژانـە و مەشـغەڵەت، دەرفەتیـان نـەداوم و نەمپـەرژاوە کـە بـۆت بنووسـم، بـەڵام ئـەوە بزانـە کـە تـۆ لـە ڕیـزی پێشـەوەی ئـەو هـاوڕێ و برادەرانـەم بـووی کـە هەمیشـە لـە مێشـک و یادمـدا بـووە کـە نامـە و ناو(و)نیشـانی خۆمتـان بـۆ بنێـرم.

کاکی بـرا.. مـن ئێسـتا لـە کوللیـەی فەلسـەفە، لـە زانسـتگای مۆنیسـتەر(٢)، لـە ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا دەخوێنـم. لـە زانسـتگا دەورەی فێربوونـی زمانـی ئەڵمانیـای بۆ کردووینـەوە، دەورەکە لە ٢٢ قوتابـی پێکهاتـووە کـە هیـی بەرازیـل و پۆلیڤیـا و کۆریـا و ئەفغانسـتان و تورکیـا و قوبـرس و منـم.

کوللیـەی فەلسـەفە لێـرە، زۆر لـە کوللیـەی ئادابـی بەغـدا گەورەتـرە و تەمەنـی (٢٠١) سـاڵە و باشـترین مامۆسـتا دەرسـی تێدا دەڵێنـەوە. دوو مامۆسـتا — زمانـی ئەڵمانیمـان- پـێ دەڵێـن، یەکێکیـان پیـاوە و ئـەوی تریـان ئافرەتـە (٣). خوێندنـی دوکتـۆراش پێوەنـدی بـە بەهـرە و توانـای(ی) قوتابییەکـەوە هەیـە. دوای کۆرسـی زمـان، قوتابـی هەیـە دەتوانـێ بـە سـێ سـاڵ دوکتـۆرا وەرگـرێ و هیـی تریـش هـەن بـە پێنـج سـاڵ هەمـان شـەهادە وەردەگـرن. (٤)

شـاری مۆنیسـتەر کەوتۆتـە ژووروی ڕۆژئـاوای ئەڵمانیـای ڕۆژئاواوە، لـە نزیـک سـنووری هۆڵەنـدە و فەرەنسایە، هەتـا بڵێـی سارد و سـەرمایە و ئەگـەر هەمـوو ڕۆژێ بەفـر نەبـارێ، ئـەوا بـە مسـۆگەری بارانـە و سـەرمایە. (٥)


خەڵکـی ئـەم شـارە زۆر پێشـکەوتوون، زۆر مـرۆڤ پـەروەرن و زۆریـش بەختـەوەرن، ئیتـر تـا

نامـەی ئاییندە خـوات لەگـەڵ. (٦)
برات
حەمید عەزیز سەعید
ئیمزا

H. A. Said
Horstmarer Landweg 100
AJH, Zirnmer 108 B
4400 Munster. BRD

**پەراوێزەکان:**

(١) کـە تـازە خەریکبـوو لـە دنیـای ئەدەبیاتـدا چـاوم دەکـردەوە و دەهاتـە ناوەنـدی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیرییەوە، حەمیـد عەزیـزم ناسـی، سـەرەتای ناسـینەکەم لـە بەغـدا، لـە قاوەخانـەی پەرلەمـان بـوو، ئـەو ئێـواران لـە گۆشـەیەکی ئـەو قاوەخانەیەی سـەر شـەقامی ڕەشـید کـە بـە تەنیشـت شـەقامی موتەنەبییـەوە بـوو دادەنیشـت، ئـەو کاتـە زۆربـەی


٢٤/٢/١٩٨١
مۆنیستەر
هاوڕێی خۆشەویستم کاکە ئازادگیان
H.A. Said
Horstmarer Landweg 100
AJH, Zimmer 108B
4400 Münster. BRD

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و شـاعیر و وەرگێـڕ و هونەرمەندەکانـی کـوردی دانیشـتووی بەغـدای لـێ دادەنیشـت، ئـەو نووسـەرانەی لـە شـارەکانی کوردستانیشـەوە دەچوونـە بەغـدا، سـەردانی ئەوێیـان دەکـرد. لـە دوای محەمەدتۆفیـق وردی و عەبدولـڕەزاق بیمـار و مەحمـوود زامدار ناسیم، لەو سـەرەتایانەوە کـە تەمەنـم لـە نێـوان ١٥ – ١٦ ساڵید بـوو کـە یەکـەم جار بینیم، زۆر جاریش کە لـەوێ هەڵدەسـتاین و بڵاوەمـان لـێ دەکـرد، لەگـەڵ د. حەمیـد عەزیـز دەچووینـە لای بابولشـەرجی و گۆڕەپانـی تەحریر، کـە زۆربـەی کتێبخانە باشـەکانی بەغـدای لـێ بـوون، لـەو نـاوە بـەدوای سـەرچاوە و کتێبـی نوێدا دەگەڕاین و دەمانکڕین، ئـەو پێوەنـدی و هاوڕێیەتییەمان ساڵانێک وەک خۆی مایەوە، ساڵ دوای سـاڵیش پتەوتـر دەبـوو. ئـەو لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری کاری دەکرد، تـا ئـەو کاتـەی بۆ خوێندن بـەرەو ئەڵمانیـا ڕۆیشـت، هاوڕێیەتییەکەمـان بـە گەرموگوڕی مایەوە. بۆ زانیاری زیاتر سـاڵی ١٩٧٠، بـۆ یەکـەم جار ڕۆژنامـەی هـاوکاری لـە دەزگایـەک دەرچـوو پێیـان دەگوت دارالجماهیـر للصحافة، کە ڕۆژنامـەی (الجمهوریـة) و (یـۆرد)ی تورکمانـی و چەنـد ڕۆژنامـە و گۆڤارێکـی دیکەشـی بـە زمانەکانی ئەورووپـا دەردەکـرد. دوای نسـکۆی شۆڕشـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٧٥، حکوومەتـی عێـراق بڕیـاری دا دەزگا و دامـەزراوە ڕۆشـنبیرییەکانی کـورد بچـووک بکاتـەوە، بۆ نموونە ڕۆژنامـەی (هـاوکاری) لەگـەڵ بەڕێوەبەرایەتیـی ڕۆشـنبیریی کـوردی، کـە ئـەو کاتـە د. ئیحسـان فوئـاد بەڕێـوەی دەبـرد، لێـک دران و لـە هەردووکیـان دەزگای هـاوکاری و چـاپ و بڵاوکردنـەوەی کـوردی دامـەزرا، گۆڤـاری بەیان و بڵاوکـراوەی ڕۆشـنبیری نـوێ خرانە سـەر ئـەو دەزگا نوێیـەوە، بێجگـە لـەوە ڕێگـەی پـێ درا یارمەتـی نووسـەری کـورد بـدات تـا بەرهەمەکانیـان

چاپ بکرێن.

(٢) کۆتایی ساڵی ١٩٧٩، ڕەزامەندی دەرچوون بۆ دەرەوەی عێراق هەبوو، حەمید عەزیز نامەیەک بۆ ئەو زانکۆیەی لێی خوێند دەنێرێ کە نیازی بوو لەوێ دوکتۆرا لە فەلسەفەی ئەڵمانی بخوێنێ. زانکۆکە داوای هەندێ بەڵگەنامەی لێ دەکەن کە بەڵگەنامەکان بکاتە زمانی ئینگلیزی و لە قونسڵییەی ئەڵمانی کە لە بەغدا لەناو سەفارەتی ئەڵمانیا بوو، پەسند – تصدیق بکرێ و مۆری لێ بدرێ، ئەوەبوو بەڵگەنامەکانی بۆ ناردن، پاش ماوەیەک وەڵامی دەدەنەوە و پێی دەڵێن ئەگەر بێیتە ئێرە، دەبێ بە ڤیزەی ساڵێک بمێنیتەوە، لە زانکۆکە بە زمانی ئەڵمانی بخوێنی، بێجگە لەوە دەبێ دوو پسپۆڕیی لاوەکیت هەبێ، یەکێکیان کۆمەڵناسی و ئەوی دیکەیان زانستی سیاسی بن، لە کاتی خوێندنەکەشتدا دەبێ (٦) مانگ کۆرسی زمانی لاتینی ببینی. حەمید عەزیز هەموو ئەمانەی جێبەجێ کرد، بۆیە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ چووەتە ئەردەن، لەوێوە بە فڕۆکەی (لوفت هانزای ئەڵمانی) گەیشتووەتە فرانکفۆرد، لەوێشەوە بە شەمەندەفەر بۆ شاری مۆنیستەر کە زانکۆکەی لێیە چووە. پاش ئەوەی کۆرسی زمان تەواو دەکا، کە ساڵێکی خایاندووە، دوایی نامەیەکیان بۆ ناردووە کە لەمەولا بۆی هەیە بچێ لە زانکۆ بخوێنێ. لەوێ بەڕێکەوت تووشی قوتابییەکی میسری بووە و پێی وتووە دەمەوێ بەبێ ماستەر دوکتۆرا بخوێنم، ئایا دەتوانم ئەوە بکەم؟ قوتابییە میسرییەکە ڕێوشوێنی بۆ دادەنێ، نامەیەکیشی بە زمانی ئەڵمانی بۆ زانکۆکە بۆی نووسیوە، پاش ماوەیەک زانکۆ وەڵامیان داوەتەوە کە لەبەردەمی لیژنەیەکدا ئامادە ببێ، ئەوان بڕیار لەسەر ئەو داوایەت دەدەن، کە لیژنەکە دەبینێ پێی دەڵێن دەبێ بە ئەڵمانی توێژینەوەیەکمان بۆ بنووسی و خۆشت بابەتەکە دەستنیشان بکەی، ئەوجا دەبێ لە تاقیکردنەوەیەکدا دەربچیت. حەمید عەزیز دەڵێ: لە ماوەی (٣) مانگدا هەردوو داواکەیانم بۆ جێبەجێ کردن، بەڵام ماوەیەکی ئەوەندە زۆری خایاندووە کە کۆرسێکی خوێندنی لەکیس چووە، ئەوجا چووەتە هەردوو بەشی کۆمەڵناسی و سیاسی و پێیان وتووە کە (٤) ساڵ لەلایان بخوێنێ، ئەویش پێیانی وتووە ئەوە زۆر سەختە، چونکە (٤) ساڵ بۆ ئەو زۆرە، لە کاتێکدا ئەو دەتوانێ بە (٣) ساڵ تێزی دوکتۆرا پێشکەش بکا، دوایی سەرۆکی هەردوو بەشەکە پێیان وتووە ئەوان کۆرسی ئێوارانیان هەیە، دەتوانێ لەوێ دەوام بکا، بەیانیانیش خەریکی دوکتۆراکەی بێ. حەمید عەزیز دەڵێ بە ناچاری پەسندم کرد، دواتر چووە لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ قسەی کردووە و پێی وتووە من وەک کوردێک هیچ کەس و لایەنێک یارمەتیم نادا، بۆیە داوام لێ کردن، بەڵکوو نامەیەکم بۆ بنووسن ئاسانکاریم بۆ بکرێ تا لە هەفتەیەکدا چەند کاتژمێرێک ئیش بکەم. پاش هەفتەیەک نامەیەکیان بۆ ناردم، پێیان ڕاگەیاندم کە ئەو نامەیە بۆ ئەو جێگەیە ببا کە مۆڵەتی کارکردن دەدەن. دەڵێ: منیش داواکەم جێبەجێ کرد و لە پەساپۆرتەکەمیان نووسی کە ڕێگەی پێ دەدرێ لە دوای خوێندن، ڕۆژانە کار بکا، ئەوەبوو کارگەیەکم دۆزییەوە، پاش نیوەڕۆی ڕۆژانی جومعە و شەممە و پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ئیشی تێدا بکەم، ئەمەش یارمەتیدەرێک بووە بۆی تا درێژە بە خوێندنەکەی بدا. پاش ساڵێک سەرپەرشتیارەکەی پێی وتووە ماندوو دیاری؟ ئەمیش پێی وتووە

پرۆفیسۆری بەڕێز، من لە هەفتەیەکدا (٣) ڕۆژ لە کارگەیەکدا کرێکارم. یەکسەر پێی وتووە ڕۆژی چوارشەممە پێش نیوەڕۆکەی وەرە بۆ لام بۆ بەشی فەلسەفە. حەمید عەزیز دەڵێ منیش ڕۆژی چوارشەممە چووم بۆ لای، بەڵام دەرگاکەی داخرابوو، ئەوە بوو چووم بۆ لای سکرتێری بەش و پێم وت بڕیار بوو ئەمڕۆ جەنابی پرۆفیسۆر ببینم، دوای ئەوەی پێم وت من کێم، وتی ئەو نامەیەی بۆ داناوی، بڕۆ بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی ببە. نامەکەم بۆ بەشی خۆیەتی — ذاتیة برد، کە بەرپرسی بەشەکە کردییەوە وتی پەساپۆرتت پێیە؟ وتم بەڵێ. کە پەساپۆرتەکەی بینی، سەیری کرد مانەوە — ئیقامەی فەرمیم هەیە، وتی دەتکەین بە یاریدەدەری پرۆفیسۆرەکەت و مانگانە (٨٠٠) مارکی ئەڵمانیت دەدەینێ، کە دەیکردە ٤٠٠ یۆرۆی ئەو سەردەمە، بەڵام من دەستبەرداری کارەکەی دیکەم نەبووم، تەنیا کاتژمێری کارکردنەکەم کەم کردەوە، بۆ ئەوەی هەر تەنیا ڕۆژی هەینی ئیش بکەم. سەیرەکە ئەوەیە کە هاتمەوە هەولێر و دامەزرام، بە پارەی یۆرۆ و بە پلەی دوکتۆراوە (٢٠٠) یۆرۆیان دەدامێ. دوای تەواوکردنی خوێندنەکەم پێیان وتم لێرە بمێنەرەوە ئیشت دەدەینێ. وتم دەڕۆمەوە وڵاتی خۆم و لێرە نامێنمەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ تێزەکەم تەواو کرد و گفتوگۆم کرد، دوای تاووتووکردنی تێزەکەم ئەنجامەکەیان بۆ ڕاگرایەتیی کۆلێژ و سەرۆکایەتیی زانکۆ نارد، ئەمەش ماوەیەکی زۆری خایاند، چونکە ئەو کاتە لە زانکۆکەمان کۆمپیووتەر نەبوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ بەدوایاندا ناردم بۆ ڕاگرایەتیی کۆلێژی ئاداب بچم، کە لە ئەڵمانیا بە کۆلێژی فەلسەفە ناودەبرێ، کە چووم پرۆفیسۆرەکەم و ڕاگری کۆلێژ و سەرۆکی زانکۆ لەوێ بوون، ئینجیلێک لەسەر مێزەکە دانرابوو، وتیان دەبێ سوێندی پێ بخۆی. وتم داوای لێبوردن دەکەم من موسڵمانم، دەتوانم بە قورئان سوێند بخۆم. وتیان دەڵێی چی؟ وتم دەڵێم بە قورئانی پیرۆز کە کەلامی خوایە سوێند دەخۆم. وتیان باشە دەستت بەرز بکەرەوە و بڵێ بە قورئان ڕاستگۆ دەبم، ستەم لە هیچ کەسێک ناکەم، بە چاوی یەکسان و بەبێ جیاوازی تەماشای قوتابییەکانم دەکەم، ئەوەندەی بتوانم هەوڵ دەدەم خزمەتی کولتووری مرۆڤایەتی بکەم، لەسەر هەقیش هەمیشە بە جواب بێم، ئەوجار وتیان وەرە پێشەوە، چوومە پێشەوە، ئەو کاتە داوونەریتەکە بەو جۆرە بوو، نازانم ئێستا ئەوە ماوە، یان نا، سەرۆکی زانکۆ دەستی خستە ناو دەستی ڕاستمەوە و وتی بەناوی وەزیری خوێندنی باڵای ئەڵمانیا، زانکۆی مۆنیستەر، کۆلێژی فەلسەفە نازناوی دوکتۆرای فەلسەفەی ئەڵمانیت بە گشت ئیمتیازێکەوە پێ دەبەخشم. منیش پڕ بە دڵ سپاسی هەموو لایەکیانم کرد، ئەوجا وتم وەک لاوێکی کورد کە وڵاتی خۆمم بەجێهێشتووە، لێرە بە کرێکاری دوکتۆرام وەرگرتووە، چونکە ئەو کاتە جەنگی نێوان عێراق — ئێران بوو، بەڵێنت پێ دەدەم، بە تایبەتی لە بواری پسپۆڕییەکەمدا، چیم لە دەست بێ بۆ نەتەوەکەم بیکەم، ئەگەر ناچار نەکرابام چوار ساڵ کۆمەڵناسی و زانستی سیاسی وەک پسپۆڕی لاوەکی بخوێنم، بێجگە لە ساڵێکی کۆرسی زمان، ئەوە دەمتوانی بە (٣) ساڵ تێزی دوکتۆرای فەلسەفە تەواو بکەم، ئەوجا نۆرەی ڕۆتینی نووسینی نامەکان لەنێوان بەش و زانکۆ هاتە پێش، هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی تاووتووکردنی تێزەکە و دیاریکردنی مۆڵەتی تاووتووکردنەکە و پێداویستی تەواوکردنی

کاروباری وەرگرتنی نازناوی دوکتۆرییەکە، خۆی لە نزیکی ساڵێک دا، کە ئەوە دوای خستم، بۆیە پێمان نایە ساڵی ١٩٨٧وە، کە هاتمەوە بۆ بەغدا، بۆ دامەزراندن داواکاریم پێشکەش بە خوێندنی باڵا کرد، ئەو کاتە دوو کێشەیان بۆ دروست کردم، یەکەمیان وتیان دەبێ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەمن- مدیریة الأمن العامة بە دامەزراندنت ڕازی بێ. دووەم وتیان دەبێ لە (٣) زانکۆ نووسراومان بۆ بهێنی کە پێویستیان پێتە، ئەوە بوو لە هەولێر و تکریت و مووسڵ نامەیان بۆ نووسیم کە پێویستیان پێمە، ئەوەیان بۆ چارەسەر کردم، دواجار وتم هەولێرم دەوێ. مایەوە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەمن، (٨) مانگ ئەو لا و ئەو لایان پێ کردم، لە کۆتاییدا وتیان ئێمە ناتناسین، کێ دەڵێ پەرێزت پاکە؟ وتم ئەم پەرێزپاکییە چۆن بسەلمێنم و چۆن پشتڕاست دەکرێتەوە؟ وتیان دەبێ کەسێک، یان ڕێکخراوێکی کوردی کە سەر بە خۆیان بێ، پشتگیریت بکا تۆ بێلایەنی و سەر بە دەرەوە نیت، ناچار پەنام بۆ حیلمی عەلی شەریف برد، وتی ئێوارە وەرە بۆ لام، چووم بۆ لای، بە ئۆتومبێلەکەی خۆی منی بردە یانەی سیروان (یانەیەک بوو لە بەغدا، خێزانە کوردەکان لێی دادەنیشتن). وتی من عەبدولستار تاهیر شەریف دەناسم، ئەو دەتوانێ پشتگیریت بکا کە تۆ بێلایەنی. حیلمی عەلی شەریف بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ د. کاوس قەفتان کرد، پێی وت حەز دەکەم بە د. شێخ ستار تاهیر شەریف بڵێی د. حەمید عەزیز خوێندنی لە ئەڵمانیا تەواو کردووە و هاتووەتەوە، پێویستی بە یارمەتی تۆ هەیە. پاش ماوەیەک د. کاوس قەفتان تەلەفۆنی کردەوە و وتی شێخ ستار تاهیر شەریف دەڵێ با د. حەمید عەزیز لە کۆڕی زانیاری کورد بێتە لام، پێش نیوەڕۆکەی چاوەڕێی دەکەم. منیش بۆ ئەوەی دڵنیابێ، پەساپۆرتەکەم و ڕەگەزنامەی عێراقی و بەڵگەنامەی دوکتۆراکەم لەگەڵ خۆم بردە لای، بە وردی سەیری هەرسێکیانی کرد، وتی من لەم هەفتەیەدا دەچمە ئەوێ و هەوڵ دەدەم ئیشەکەت بۆ جێبەجێ بکەم. پاش (٣) ڕۆژ تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی ڕەزامەندی دامەزراندنت گەیشتووەتە وەزارەتی خوێندنی باڵا. لە وەزارەت پێیان وتم تێزەکەت بۆ لای پسپۆڕێک دەنێرین تا لە ماوەی مانگێکدا بزانین ئایا ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ سیاسەتی گشتیی وەزارەتمان دێتەوە، یان نا؟ پاش مانگێک ڕاپۆرتێکی جوانیان لەسەر تێزەکەم نووسیبوو، دوای ئەوە نامەیەکیان بۆ بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئاداب، لە وەزیریە بۆ نووسیم، ئەوانیش هەفتەیەک مۆڵەتیان دامێ کە لەبەردەمی چەند پرۆفیسۆرێک موحازەرەیەک بڵێمەوە، تاکوو بزانن بە کەڵکی مامۆستایەتی دێم، یان نا؟ سەرۆکی لیژنەکە پرۆفیسۆرێک بوو، لەوە دەچوو پێوەندی بە بابەتی فەلسەفەوە نەبێ، ناوی د. سامی مەکی ئەلعانی بوو، دەستم بە موحازەرەکەم کرد، لە ناوەڕاستدا قسەی پێ بڕیم، منیش وام دانا و وتم لەوانەیە منیان بە دڵ نەبێ. وتی پرسیارێکت لێ دەکەم بە ڕاشکاوی وەڵامم بدەرەوە، وتی ئەگەر من ڕەزامەندیی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ت بۆ وەربگرم لە بەغدا دابمەزرێی، دەڵێی چی؟ وتم داوای لێبوردن دەکەم، من ناتوانم لە بەغدا بژیم. وتی ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ خەڵک خواخوایەتی ئیشی لە بەغدا دەست بکەوێ، کەچی تۆش نایەی؟ وتم لەبەر چەند هۆکارێک نایەم، یەکەم ئۆتومبێلی خۆم نییە و کێشەی هاتوچۆم بۆ دروست دەبێ. دووەم مووچەکە هەر

بەشــی کــرێ خانــوو دەکات، ئــەی بەچــی بژیــم؟ کۆتایی بە موحازەرەکە هێنا و گوتی باشە بچۆ بـۆ هەولێـر، دیـار بـوو بـە باشـی لەسـەریان نووسـیبووم، وەزارەت لـە ماوەیەکـی کەمـدا، بـە فەرمانـی وەزیـر لـە زانکـۆی سـەلاحەددین — کۆلێـژی ئـاداب — بەشـی کۆمەڵناسـی دامـەزرام، ئیدی کام وانە قورس بوو کە خۆیان دەسەلاتیان بەسـەریدا نەدەشـکا، بـە ملـی منیـان داهێنـا، چونکە هەموویان ماستەریان لە عێراق وەرگرتبوو، تاکە دوکتۆرێک لەو بەشە هەر من بووم. دوای ڕاپەڕیـن کـە پەرلەمـان و حکوومەتـی هەرێمـی کوردستان دامەزرا، چووم بۆ لای د. ڕۆژ نووری شاوەیس و د. فوئاد مەعسووم، وتم بۆ ئیشێکی تایبەتـی هاتـووم کـە پێوەنـدی بـە منـەوە نییـە. وتیـان ئیشـەکە چییـە؟ وتـم یارمەتیـم بـدەن ماسـتەر لـە بەشـی کۆمەڵناسـی بکەینـەوە. مامۆستاکان لەو هەوڵەی من نیگەران بوون، بۆ کردنـەوەی ماسـتەر لـە بەشـەکە پێیـان ناخـۆش بوو، چونکە وایان دەزانی من دەمەوێ کەسانێک بـۆ بەشـەکە بهێنـم کـە دەبنـە مایـەی نـان بڕینـی ئـەوان، هـەر چۆنـێ بـێ بەشـەکە کرایـەوە و قوتابی وەرگیرا، بۆیە من یەکەم کەسم قۆناغی ماستەرم لـە بەشـی کۆمەڵناسـی لـە کۆلێـژی ئـاداب کردووەتەوە، هەندێکیش لە مامۆستایانی ئێستا، کاتێ خۆی قوتابی من بوون، ئیتر ڕەوشەکە تا ئێستا بەردەوامە.

(٣) ئـەو دوو مامۆسـتایەی زمانـی ئەڵمانییـان پـێ وتووەتـەوە، پیاوەکـە نـاوی پرۆفیسـۆر د. ڕیپ شلێگەر و ژنەکەش ناوی پرفیسۆر د. فراو بێرگەر بوون کە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە و زۆر بە جیددی فێری زمانی ئەڵمانییان کردووە. د. حەمید عەزیز دەڵێ: لەو کۆرسەدا دوو جۆر زمان فێربوون هەبوو، یەکێکیان بۆ ئەوانە بوو کە بەکالۆریۆس دەخوێنن، ئەوەی تریان بۆ ئەوانـەی بەشـی خوێندنـی ماسـتەر و دوکتـۆران، لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی تا (٣)ی پاش نیوەڕۆ دەبوو بمانخوێندبایە، دوور ناڕۆم ئەگەر بڵێم زۆر ماندوو بووم، بەڵام ڕێزمانەکەی زمانی ئەڵمانی بە تـەواوی شـارەزا بـووم.

(٤) سەرپەرشـتیاری تێزەکـەی پ.د. ئولریـش هۆیـەر، پسـپۆریی لـە فەلسـەفەی زانسـتیدا هەبـوو، ڕابەرێـک لـە ڕابەرانـی ڕێبـازی (کانـت)ی نـوێ بـوو. حەمیـد عەزیـز دەڵـێ لـە کاتێکـدا کـە کۆمەڵناسـیم دەخوێنـد، پرۆفیسـۆرێک هاتـە ژوورەوە، لـە هۆڵێکـدا کـە پـڕ بـوو لـە قوتابیـان، دوای سـڵاو وتـی مـن پرۆفیسـۆر د. یۆرگن هابرماس، لە کۆمەڵناسی وانەی ڕێبازی قوتابخانـەی فرانکفۆرتتـان پـێ دەڵێم، ئەگەرچی لـە هەنـدێ سـەرچاوەدا بـە تیـۆری ڕەخنەگرانـە نـاو دەبـرێ، ئەمـەش لـە خۆیـدا جـۆرە پەرەپێدانێکە بە کۆمەڵناسیی مارکس کە هەوڵ دراوە ڕۆڵی چینی کرێکار لاواز بکرێ و پەنا بۆ هەڵبژاردنـی گشـتی ببـرێ، بـۆ ئـەوەی تێکۆشـان لـە ڕێگـەی مانگرتنـی مەدەنـی، ڕەخنەکـردن، چالاکیی پەرلەمان بگەیەنرێتە ئەنجام، ئەوەش جـۆرە نزیکبوونەوەیەکـە لـە ڕێبـازی سۆشـیال دیموکراتـی. د. هابرمـاس بـۆ مـن نموونـەی مامۆسـتایەکی سـەرکەوتووی ئەکادیمـی بـوو، لـە قسـەکانیدا پشتی بە بنەمای لۆجیکی ئەستوور بـوو، بـۆ نموونـە لـە پێشـەکییەکی گریمانـە کراوەوە، هەنگاوی بۆ شیکردنەوەی پێشـەکییەکە هەڵدەگرت، ئەوجا ئەنجامێکی دەدایە دەست کە ئەمە سروشتێکی زانستیانەی بەرجەستە دەکرد، لـەوە دڵنیـا دەبـووی کـە ئـەو پێشـەکییە هـەر دەبوو ئـەو ئەنجامـەی لـێ بکەوێتـەوە. هەنـدێ جـار لـە قسـەکانیدا مەیلـی بـەلای ئـەو لایەنـەدا

دەچـوو کـە حـەزی لـە جیهاندیـدی مارکسـیزمی ڕۆژئـاوا هەیـە، کـە بـە تەواوەتـی پێچەوانـەی تاقیکردنەوەکـەی لینینـی سـۆڤێتی جارانـە.

(٥) لـەم ڕۆژانـە لـە د. حەمید عەزیـزم پرسـی: چەنـد سـوودت لـە پاشـخانەکەت (خوێنـدت لـە بەشـی فەلسـەفەی زانکـۆی بەغدا) وەرگـرت؟ وتـی مامـە حەمەسوور قەڵادزەیی کـە بـە مامـە حەمـەد بـەگ ناسـراوە، لـە ساڵی ١٩٤٦وە ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، باڵـی بارزانـی بـوو، ئـەو دیوەخانـی هەبـوو، کەسـانی سیاسـەتمەدار تـا درەنگانـی شـەو لـە دیوەخانەکـەی دادەنیشـتن و قسـەیان دەکـرد، ئـەم ڕەوشـە بەرچاوڕوونییەکـی هـزری بـۆ ڕەخسـاندم، زۆر چەمـک و وشـەم بیسـت کـە هانـی دەدام بیـر بکەمـەوە. لـە قوتابخانـەی دواناوەنـدی (چـوار بـاخ)ی سـلێمانی مامۆسـتا عومـەری مچـە کـە ئابـووری و مێـژووی پـێ دەوتیـن، ڕۆڵـی ئابـووری لـە ژیانـدا، لەگـەڵ مێـژووی شۆڕشـی فەرەنسـا بـە تایبەتـی، بنەماکانـی لـە مێشـکمدا جێگیـر بـوون، بـە تایبەتـی ئـازادی، یەکسـانی، دادپـەروەری، کـە لـە کۆلێـژی ئادابیـش وەرگیـرام، سـەردەمی عەبدولڕەحمـان عـارف و ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، کرانـەوە و جـۆرە ئازادییـەک لـە زانکـۆدا هەبـوو، مامۆسـتاکان هەموویـان پرۆفیسـۆر و یاریـدەدەری پرۆفیسـۆر بـوون، دەرچـووی زانکۆکانـی ئەڵمانیـا و فەرەنسـا و بەریتانیـا و ئەمریـکا بـوون، ئەوانـە بۆچوونێکیـان لە مێشـکمدا چەسـپاند کە فەلسـەفە نەمامێکـە لـە کەشـوهەوای ئازادیدا شـین دەبـێ و پێـدەگا و دێتەبـەر، لـە هـەر دەڤەرێـک ئـازادی پێشـێل بکـرێ، پریشـکی بـەر فەلسـەفە دەکـەوێ و زەرەرمەنـد دەبـێ، ئەمجـار بـە شـێوەیەکی زۆر جـوان و ڕەوان تێیـان گەیاندیـن کـە ئـەو ئازادییـە کاتێـک دەسـتەبەر دەبـێ کـە ئایینـی مەسـیحی و سیاسـەتی بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت لـە یـەک جیـا بکرێنـەوە، ئـەوەی زۆر کاری تێکـردم، پشـت بەسـتن بـە ئامـرازی ڕەخنەکـردن بـوو، کـە نابـێ هیـچ شـتێک بەبـێ ڕەخنـە پەسـند بکەیـن، بـەڵام دەبـێ ڕەخنـە دوو ڕەهەنـدی هەبـێ، (ئـارێ و نـارێ)، لەمـەش باشـتر زۆربـەی هـەرە زۆری ڕێبـازە فەلسـەفییەکانی ئەورووپایـان پـێ وتیـن، بۆیـە لـە چاوپێکەوتنـی وەرگیـران لـە دوکتـۆرا، هـەر پرسـیارێکیان لـێ دەکـردم، تـا ئـەو ڕادەیـەی بەلایانـەوە پەسـند بـێ، دەمزانـی و وەڵامم دەدانەوە و پێیانـم دەگـوت. مامۆسـتایەک لێـی پرسـیم چۆن ئـەو شـتانە دەزانـی؟ وتـم مامۆسـتاکانم گشـتیان لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوای ئەورووپـا خوێندبوویـان، ئـەو کولتـوورەی ئـەوان فێـری بـوون، ئێمەشـیان فێرکـرد.

(٦) د. حەمیـد عەزیـز لـە هـەر سـێ بەشـی کـوردی، فارسـی، کۆمەڵناسـی، پاشـانیش لـە بەشـی فەلسـەفەی زانکـۆی سـەڵاحەددین وانـەی گوتووەتـەوە. لـە بەشـی کـوردی- کۆلیـژی زمـان وەک ئەندام و سەرۆکی لیژنە، (٦) ماستەر و (١) دوکتـۆرای گفتوگـۆ کردووە. لە بەشـی کۆمەڵناسـی - کۆلێـژی ئاداب، (٨) دوکتـۆرا و (١٤) ماسـتەری تاووتـوو کـردووە. لـە بەشـی فەلسـەفە- کۆلێـژی ئـاداب، (١٢) دوکتـۆرا و (١٦) ماسـتەر، بێجگـە لـە وانـە گوتنـەوە، تاووتـووی نامـە و تێزەکانیشـی کـردووە. لـە زانکـۆی ڕاپەڕیـن- بەشـی فەلسـەفە، بێجگـە لـە وانـە گوتنـەوە، گفتوگـۆی (٢٨) ماسـتەر و (٤) دوکتـۆرای گفتوگـۆ کـردووە. لـە زانکـۆی سـۆران- بەشـی کـوردی، بێجگـە لـە وانـە گوتنـەوە، (١) ماسـتەری تاووتـوو کـردووە. لـە زانکـۆی سـلێمانی- کۆلێـژی زانسـتە ئایینییـەکان، گفتوگـۆی (١) تێـزی دوکتـۆرای کـردووە.